# چینی کرێکار، ڕێکخستنی جەماوەری و حیزبی

**وت وویژی گۆڤاری" نگاه" لەگەڵ مەحمودی قارەمانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**وەرگێر:عەلی ئەحمەدپور**

**پرسیاری یەکەم: ئەوڕۆکە بە باوەڕی زۆرێك لە هەڵسوڕاوانی کرێکاری و هەروەها گەرایشە جۆراوجۆرەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری، مەسەلەی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار یەکێك لە گرینگترین گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێرانە. بە بڕوای ئێوە گیروگرفتەکان و کۆسپی سەرەکی ڕێکخراوبوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران کامانەن و بۆ چارەسەرکردنیشیان دەبێ چ کارێك بکرێ؟**

**مەحمودی قارەمانی:**

**کۆماری ئیسلامی حکومەتی خەفەقان، ئەشکەنجە و قەتڵی عامی کۆمۆنیستەکان و ئازادیراکان و خەباتگێڕان و نەوەیەك لە خەباتکارترین کرێکارانی ئێرانە. حکومەتی تیرۆر، پشکنینی بیروڕا، جەهل و خوڕافە، حکومەتی دژی بەشەری و لە دژی هەر جۆرە پێشکەوتنخوازی و دیمۆکراسی‌یەت و ... شتی تری لەم چەشنەیە.ئەو حکومەتە، هەژاری و فەلاکەت، ماڵوێرانی و بێکاری وبێ‌ماڤی، ویرانی و شەڕی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە. لە دەورەی دەیەی 60دا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سیاسەتی سەرکوتەوە ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکانی لێك بڵاو کرد و هەڵسوڕاوان و ڕێبەرە کرێکاری‌یەکان، بە ئێعدام، ئەشکەنجە، زیندان و تەبعید، وەڵامی دەستدرێژی‌یەکانیان بۆسەر نەزمی سەرمایەداری لە دەورەی دەسەڵاتی پاشایەتی بەولاوە، لە کۆماری ئیسلامی وەرگرتەوە. ئەگەر خەفەقان و سەرکوت، دەرکردن و بێکاری و شەڕ و ئیعدام لە ڕێگای زۆری چەك و ئەنجومەنەکان و شوڕا ئیسلامی‌یەکانی کار و خانەی کارگەر و باقی ئامرازەکانی سەرکوتەوە، بەسەر جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دا سەپا، ئێستاکە ئیتر ئەو دەورانە بەسەر چووە و بە هۆی خەباتی درێژماوە و ئێعتراز و خەباتی سەرسەختانەی کرێکاران و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەدا، ئەوڕۆ ئیتر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو جێگاوشوێنەی جارانی نەماوە. بە هیممەتی هەر ئەو خۆڕاگری و خەبات و ئێعترازی هەرڕۆژە لە دژی گرانی، حەقدەستە وەدواخراوەکان، هەژاری، بێکاری، وێرانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ و بێکارکردنە بەربلاوەکان، خەڵکی زەحمەتکێش و لەسەرووی ئەوانەوە کرێکاران توانیویانە لە دیواری پۆڵاییینی دیکتاتۆری زۆر و سەرنێزەدا کەلێنێك بکەنەوە. هەر بەو هۆیە، ئەم دەورەیەی دوایی تایبەتمەندییەکی تری لەچاو دەورەکانی دەیەی 60 هەیە.**

ئەوڕۆکەش دیکتاتۆری زۆر و سەرنێزە هەیە، بەڵام، نە بەو توانایە و نە بەو شێواز و سیاسەتانەی پێشوو. سەرکوتی خوێناوی کرێکارانی خاتون ئاباد و هەر لەو ئەوەڵی مانگی مەیەی ئەوساڵ، وێڕای دەستگیرکردن و ئەشکەنجەی چەند کەس لە هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە کوردستان و تاران، شاهیدی درێژەی مەحاکەمەکردنی کرێکارە دەستگیرکراوەکانی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی پێشووی سەقزیش بوین. هەموی ئەوانە نیشاندەری مانەوەی سەرکوت و ئیختناق و کاردانەوەی ئەنجومەنەکان و شوڕا ئیسلامی یەکانی کار و خانەی کارگەری رژیمە. بەو پێیە دەکرێ بڵێین کە دیکتاتۆری و ئیختناق بەردەوام وەکو هۆکار و کۆسپێکی سەرەکی لە سەر رێکخراو بوونی کرێکاران دەور و نەقشی هەیە، ئەگینا ئەمڕۆکە دەبوایە رێکخراوی کرێکاری سەربەخۆمان هەبوایە. هەرچەند ئەو رۆژەش هێشتا نەهاتووە، بەڵام کاری گەورەی بۆ کراوە کە تا بە کۆتایی گەیشتن و داسەپاندنی ئەوان بە سەر رژیم، هێشتا چەند هەنگاوێکی ماوە.

لە لایەکەوە چینی کرێکار لە سەرەوەی خەڵکی زەحمەتکێش، بۆ باشتر بوونی بارودۆخی ژیانیان، بۆ داسەپاندنی لانی کەمی بارودۆخی ئینسانی کار و ژیانیان و تەبعەن بۆ رێکخراو بوون و تێکشکاندنی دیکتاتۆری و خەفەقان و پێکهێنانی بارودۆخی گونجاوتر، خەباتێکی درێژیان بە شێواز و بە ئامرازی جۆراوجۆر پێواوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە لایەکی تر، سەرمایەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە لە درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە بە شێوازی پێشوو، ناڕازیە. سەرمایەداران بۆ ڕاگرتنی جێگاوشوێنی خۆیان بە مەبەستی وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر و درێژەی دەسەڵاتیان، تەنانەت لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران و بەشداری لە هەڵس و کەوتە نێونەتەوەییەکانی سەرمایە و شەریك بوون لە وەرگرتنی قازانج لە بازاڕی نێونەتەوەیی و قەبووڵبوون و وەرگرتن لە لایەن بانکی جیهانیی‌یەوە، لە درێژەی وەزعی ڕابردوو ناڕازی دەبن و هەوڵ دەدەن ئاڵترناتیو و سیاسەت گەلێکی باشتر بۆ بارودۆخی تازە بەکار بێنن.

لە هەڵس و کەوت لەگەڵ خەباتی کرێکاری و لەوانە خەبات بۆ ڕێکخراوبوونی کرێکاران، لە لایەن کۆماری ئیسلامی سەرمایەوە هەڵس وکەوتی جۆراوجۆر کراوە.

لە دەورەیەك دا، سەرکوت بەکار هات. هەروەها لە دەورەی دواتر کە گەشەی خەباتی کرێکاران لە ئاستێکی بەرین لەدژی حەقدەستە وەدواخراوەکان، لەدژی یاسای کار، لەدژی سیاسەتی بێکارکردنەکان بە بیانوی نوێژەن کردنەوەی سەنایع و ...هی‌تر کە بە شێوازی تازە لە بەستنی شەقامەکان و تەحەسونەکان و ....هی‌تر بەڕێوە چوو، سەرمایەداران دەستیان دایە سەرەنج نەدان، بێ‌دەنگ ڕاگرتن و وەڵام نەدانەوە بە خواستی کرێکاران، بەڵام لەم دەورەیەی دوایی‌دا ئێمە شاهیدی دروست بوونی خەبات گەلێکین کە بە خستنەژێرگوشاری سەرمایەداران، ئەوان ناچار بە سەرەنج دان و وەڵام دانەوە بە خواستەکانی کرێکاران دەکات. بە تایبەت ئەم دوو مەسەلەیەی ئەم دواییانەی نەساجی کوردستان و کارخانەی شاهۆ، نمونەیەکی زەق و بەرچاوە.

تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە ڕێکخراوبوونی کرێکارەوە هەیە، بەسەرکوت و لێك بڵاوکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان _ شوڕا و ئەنجومەنەکان و شوڕاکانی ئیسلامی کار وخانەی کارگەر بە

زۆری داسەپێندران و جێ‌پێیان قایم کرا. لە دەورەی دواتر، بەدوای دیتنەوەی ئاڵترناتیوێکی باش بۆ بزووتنەوەی کرێکاری کە هاوجەهەت بوو لەگەڵ پرۆژەی دوی خۆرداد، سیاسەتی هاوکاری لەگەڵ" ڕێکخراوی جیهانی کار" و بەکارهێنانی بەشێك لە کرێکارە قەدیمی‌یەکان ــ سەندیکاچی‌یە پیشەییەکانیان گرتە بەر. ئەو سیاسەت و شێوازە نوێیە، لەگەڵ سەرەنج نەدان و خۆڕاگری کرێکاران، بەتایبەت گەرایشی ڕادیکاڵ بەرەوڕوو بوو و لەقاودرا. شکستی ئەو نەخشەیە کە بەگشتی دەستی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی سەربەئەوی سەبارەت بە ڕێکخراوی کرێکاران ئاوالا دەکرد، بووە هۆی پاشەکشەیەکی دیاریکراو لە لایەن ئەو بەشە لە سەندیکاچی‌یەکان( دواتر باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم)، بەڵام هەر لێرەدا دەبێ بووترێ کە ئەو مەسەلەیە نیشانی دا کە ئەو گەرایشە نەتەنیا ناتوانێ گرفتی ڕێکخستنی کرێکاران چارەسەر بکات، بەڵکوو خۆی گرفت دەخوڵقێنی و ئەو توانایە و زەرفییەتەی هەیە کە بە پێی هەر ئەو ڕێککەوتنە سەرەتایی و ئەو نامانەی کە بۆ وەزارەتی کار نووسی، ڕێکخراوی کرێکاری لە ڕێکخراوێکەوە کە لەدژی نەزمی سەرمایەداری‌یە، بێ‌بەش بکات( و تەنانەت لە چوارچێوەی دیاریکراودا) بیکاتە ڕێکخراوێك کە لەگەڵ سەرمایەداری دەسازێ. ئەوانە تەنانەت ڕێفۆرمیست گەلێکی شێلگیریش نین، چونکە هەر بەمجۆریی کە وتم، تەنانەت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراویش دا حازرن لەگەڵ دەوڵەت بسازێن. بەستنی قەراردادە بەکۆمەڵەکان، لێکدانەوە و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە یاسای کاری ئیسلامی و بەشداری لە لێژنە سێ‌لایەنەکان، ئەوانە نیشانیان دا کە تەنانەت خوازیاری ئازادکردنی ئەو کرێکارانەش نین کە بە هۆی بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئەوەڵی مانگی مەی دەستگیر و زیندانی کرابوون، چ بگا بەوەی کە خوازیاری ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگا دا بن.

ئەوانە خوازیاری دروست بوونی ڕێکخراو لە سەرەوەی چینی کرێکارن، لە حاڵێکدا چینی کرێکار بە وەها پانتاییەکی خەباتکارانەی بێ‌پێشینەوە هاتۆتە مەیدان کە بەهۆی ئەوانەوە ناتوانن پشت بە جەماوەری چینی کرێکارەوە ببەستن. ئەوانە لە بنەڕەت دا لەگەڵ دێمۆکڕاسی و ئیرادەی گشتی ناتەبان. ئەوانە نایانهەوێ کە کرێکار دەست لە کاروباری سیاسی وەردات، نایانهەوێ کە کرێکار لەبارەی شەڕەوە بیروڕا دەربڕێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کرێکار نایهەوێ لە هیچ شەڕێکی ناو دەوڵەتان و لە هیچ شەڕێك کە قازانجی سەرمایەی تێدا بێت، بەشداری بکات. مەگەر هەر بەشێك لەو ئاغایانە نەبوون کە لە شەڕی ئێران و عێراق دا دەیانفەرموو کە دەبێ " لەشەڕی نیشتمانی دا" بەشداری بکەین؟! ئاکامە خراپەکانی ئەو شەڕە کێ تەحەمموڵی کرد و کێ زیانەکانی قەرەبوو کردەوە؟ مەگەر بێجگەلە کرێکاران و منداڵە زەحمەتکێشەکان کەسێکی‌تر بوو؟ ئەوانە نایانهەوێ ڕێکخراوی کرێکاری دەست لە کاروباری ئێعتیاد و ڕوداوی شوێنی کار و...شتی‌تری لەم چەشنە وەردات. هەمووی ئەوانە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتێکە کە لەگەڵ ڕێکخراوبوونی کرێکار بەمانای ڕاستەقینەی خۆی، وەکوو ڕێکخراوێکی کرێکاری بەرابەری‌خواز و دەخیل لە ژیان و کاروباری ڕۆژانەی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا، ڕێکخراوێك لە دژی نەزمی سەرمایەداری، ڕێکخراوێك سەربەخۆ لە دەوڵەت، حیزبە دەوڵەتی‌یەکان وئۆرگانەکانی

سەربەئەو، دژایەتی‌یان هەیە. ئەوە ڕەوتێکی سیاسی زۆر بەرتەسکە کە حیسابیان لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کە بە هۆی ئابوورییەوە دەیانهەوێ ببنە ئەندام، ناچێتە یەك کیسەوە. هۆکارگەلێکی‌تری دیکەش هەن کە کاریگەییان لەسەر ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار هەیە، بۆ وێنە، هەژاری‌لەڕادەبەدەری ئابووری، هۆکارگەلی ڕەوانی، کێشە لەسەر ڕێکخستنی کرێکارانی کارگە چکۆلەکان و سەنعەتە گەورەکان، هۆکارگەلی نێونەتەوەیی، گوشار و زەخت وزۆری سەرمایە بۆسەر تەواوی بزووتنەوەی جیهانی کرێکاری، بەرینایی چینی کرێکار بە پانتایی ئێران، کاریگەری ڕەوتە چەپە غەیرە کرێکاری‌یەکان لەمەڕ کەڵك وەرگرتن لە بزووتنەوەی کرێکاری وەکوو ئامرازی زەخت لەدژی دەوڵەت و .... هی‌تر، هەمووی ئەوانە کاریگەری خراپیان لەسەر ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار هەیە و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران ناتوانێ ئەوان لەبەرچاو نەگرێت و تەبعەن دەبێ هەموویان بەرپەرچ بداتەوە.

**پرسیاری دوهەم:پرسیارێکی گرینگ و چارەنوس ساز لەوبارەیەوە ئەوەیە: چۆنیەتی سیاسەتەکان و کارە سەرەکی‌یەکانی ڕێکخستنی چینی کرێکار دەبێ لەسەر بنەمای کام ڕوانگە وئاسۆی سیاسی دابمەزرێ؟ هەروەها بۆ ئەو مەبەستە چ ڕێگەیەك دەبێ هەڵبژێردرێ؟**

**مەحمودی قارەمانی:**

کاتێك کە کرێکارێك ماوەیەکی زۆر کار دەکات بەڵام حەقدەستی مانگانەکەی تەنانەت دوای چاوەڕوانی‌یەکی زۆر وەرناگرێت و لەو ماوەیەدا بەناچار رووی کردۆتە کارێکی‌تری وەکوو باربەری و دەستفرۆشی و .... هەتا برە پوڵێك بۆ گوزەرانی ژیانی بنەماڵەکەی دابین بکات یان مەجبور بووە لە هاوسێ و خزم و ..... قەرز وەرگرێت و بە دوکانداری سەرکۆڵان و قەسابی گەڕەك قەرزدار بێت، بەڕادەیەك ژیانی لێ تاڵ دەبێت کە دەست دەداتە ناڕەزایەتی و دێتە سەرشەقام. کرێکار مەبەستی لەو ناڕەزایەتی‌یە، پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی ژیانیەتی و دەیهەوێ بەوکارە سەرمایەدار لەبەرامبەر دانی بەوەختی حقوقەکەی پابەند بکات. نەدانی حەقدەستی کرێکار_ لە وەختی خۆیدا_ تەنیا زیانی، هەر ئەوە نییە کە کرێکار بە خەڵکی قەرزدار دەبێت، بەڵکوو سەرەڕای قەرزداربوونەکەی ئاکامی تریشی بۆ بەدواوە دەبێت. ئەگەر منداڵەکەی نەخۆش کەوێت، بەهۆی نەداری و قەرزداری ناتوانێ دەرمانی کات، کاتێکیش کە دەیباتە لای دوکتور، کامە دوکتور خەرجی کەمتر هەڵگرێ، دەچێتە لای ئەو. ئەگەر نەتوانێ کرێ‌ماڵەکەی لە کاتی خۆیدا بدات، بەناچار مەجبور دەبێت کە بچێتە ئەو گەڕەکانەی کە کرێ ماڵەکانی هەرزانە و بە ئیمکاناتی کەم، ئاوی خواردنەوەی غەیرەبێهداشتی، خانووبەرەیەکی چکۆلە و ... دروست بکات.هێزی کاریش کە لە ئێران دا زۆر هەرزانە، لانی کەمی حەقدەستە دیاری کراوەکانیشی لە گەڵ نرخی شت و مەك و ئاوسان یەك ناگرنەوە، ئەوە نیشان دەدات کە کرێکاران بۆچی لە گەڵ ئەو فەلاکەتە بەرەو روون. ئەو هەژاری و فەلاکەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە خوێندنی منداڵە کرێکارەکان_ ئەو هێزی سەرەکی‌یەی کۆمەڵگا_ هەمیشە نیوە کارە بمێنێتەوە و

منداڵەکانی کرێکاران بۆ یارمەتی بە خەرجی بنەماڵە کار دەکەن، یان لە بیری رزگاربوون لەو وەزعە لە ماڵێ هەڵدێن. کچانی زۆرێك لە کرێکاران و خەڵکی هەژار تووشی لەشفرۆشی دەبن و ... کاتێك کە کرێکار ناڕەزایەتی دەردەبڕێ لەبەر ئەوەیکە بارودۆخەکە بگۆڕێ، تەنیا بۆ حەقدەستە وەدواخراوەکان نییە، بەشێك لە کرێکاران بۆ پێشگیری لە داخرانی کارخانەکان و دەرکردنەکان و بێکارکردنەکان ناڕەزایەتی دەردەبڕن، چونکوو بێکاربوونی کرێکار بەمانای وێران بوونی ژیانی و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی کاری دووهەمە، تازە ئەگەر وەگیری کەوێ، کارێك کە بە حقوقی کەمتر بەڕادەیەك کە تینێك بگەیەنێتە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی. بەشێکی‌تر لە کرێکاران بۆ وەرگرتنی حەقدەستی ئیزافەکاری‌یەکانیان، بەشێکی‌تر بۆ وەرگرتنی جێژنانەکان، هەندێکی‌تر بۆ چوونەسەرەوەی حەقدەستەکان بە پێی چوونەسەرەوەی نرخی هەر هەزار خشتێك کە دەیبڕن و بەشێکی‌تر بۆ وەدەست هێنانی کار ناڕەزایەتی سەبارەت بە سەرەنج نەدانی کارفەرماکان و بەرپرسان بە ڕووداوی مەرگی هاوکارەکانی خۆیان لە شوێنی کار و ...، کاتێك کە چاو لە چینی کرێکار دەکەین دەبینین کە لە هەموو شوێنێك خەباتی چینی کرێکار بۆ گۆڕینی بارودۆخ، بۆ باشترکردنی هەل ومەرجی کارو ژیان،خەباتی ڕۆژانە و دایمی لەدژی نەزمی سەرمایەداری کە بەسەر کرێکاران دا سەپاوە، لەئارادایە.

دەکرێ وەلامی جۆراوجۆر بە چۆنیەتی ئەو بارودۆخە و گۆڕینی بارودۆخی ئێستا بدرێتەوە، چ لە بواری گەرایشە ناوخۆییەکانی چینی کرێکار و چ لە بواری ئەو گەرایشە سیاسی‌یانەی کە بۆ گۆڕینی بارودۆخی هەنوکە خەبات دەکەن. دوو وەڵامی سەرەکی لە لایەن دوو ئاسۆی سیاسی جیاوازەوە دەکەوێتە بەردەم تەواوی چینی کرێکار:

1_ ئەو ئاسۆیەی کە نایهەوێ ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی پێك بێت و هەموو خواست و داخوازی‌یەکانی لە چوارچێوەی نەزمی سەرمایەداری دا دەگونجێ، خوازیاری ڕیفۆرم و ئیسلاحاتێك بە نەفعی کرێکارانە بە بێ ئەوەیکە بیهەوێ بناغەی ئەو نەزمەی ئێستا، کاری حەقدەست و خاوەنداری‌یەتی تاکەکەسی تووشی خەسارەت بێت. ئەوە کۆمەڵێك لە گەرایشە ناوخۆیی‌یەکانی چینی کرێکار و ڕەوتە سیاسی‌یە غەیرە کرێکاری‌یەکان دەگرێتەوە.

2_ ئەو ئاسۆیەی کە چاوی بڕیوەتە مەسەلەی خاوەنداری‌یەتی تاکەکەسی و هەڵوەشانەوەکەی و کاری حەقدەستی لامەبەستە و ئەو بە سەرچاوەی ڕۆژڕەشی‌یەکانی کرێکاران دەزانێ. ئەو گەرایشە بە بێ ئەوەیکە لەدژی ئیسلاحات بێت، نایهەوێ هەر لە ئاستی ئیسلاحات دا ڕاوەستێ، بەڵکوو دەیهەوێ ئەو تێپەڕکات و خاوەنداری‌یەتی و کاری حەقدەست هەڵوەشێنێتەوە و ئاڵوگۆڕ لە باشتربوونی بارودۆخی ژیانی کرێکار، لەو ڕوانگەیەوە سەیربکات.سنووری نێوان سۆسیالیستەکان و ئەوانی‌تر هەر ئەوەیە. بەڵام ئەو سنورە لە خەباتی ڕۆژانە سەبارەت بە حەقدەستەوەدواخراوەکان، بێکارکردنەکان و ڕێکخستن و ... دەبێ چۆن سەیر بکرێت؟

چەند دانە فاکتۆری بنەڕەتی:

_ ئەو مەیلانەی کە کرێکاری سێنفی و سەنعەتی، بێکار و شاغڵ و ... لەیەکتر جیادەکاتەوە، بەرژەوەندی تەواوی چینی کرێکار لەبەرچاو ناگرێت. کرێکارانی ژن و ئەو ستەمە جنسی‌یەی کە

له کرێکاره ژنەکان دەچێت بایەخی پێنادات و له بڕیارنامەکانیدا نایگونجێنێ. هەروەها کرێکاره بێکارەکان هیچ جێگاوشوێنێکیان لەو ڕێکخراوانەدا نییه.( بڕیارنامەی ئەوەڵی مانگی مەی سەندیکالێستەکان).

_ ئەو ڕەوت و مەیلانەی که نەتەنیا زیان به ڕیزی نێونەتەوەیی کرێکاران دەگەیەنێ، ماف بەرابەر بۆ کرێکاره بیانییەکان _ وەکوو کرێکارانی ئەفغانی که له ئێران کار دەکەن _ بەڕەسمی ناناسێ و له بڕیارنامەکانی دا ئاماژەیان پێ ناکات( بڕیارنامەی ئەوەڵی مانگی مەی2005، لێژنەی دامەزرێنەری سەندیکاکان)، بەڵکوو ئەو جێگایەی که پێوەندی به کرێکاره بیانییەکانەوه هەیه، مەجلیسی ئیسلامی که یەکێك له ئامرازەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداران و سەرکوتی کرێکارانه، به ماڵی میللەتی دەزانێ( هەمان سەرچاوه).

ئەوه پەیامێکه که ئەو مەیله دینێرێ و حاشا لەبوونی نەتەوەکانیتر له ئێران دەکات و ئەوه هەر ئەو شتەیه که سەرمایەداری دەسەڵاتدار بیری لێ دەکاتەوه. به حاشاکردن له بوونی نەتەوەکانیتر، دەگاته پارچەپارچەکردنی چینی کرێکاری ئێران و بەو لەت لەت کردنەی چینی کرێکار، یارمەتی به ناسیۆناڵیسمی پاوانخوازی ئێرانی و ناسیۆناڵیسمی نەتەوەکانیتر دەدات، هەتا به کرێکاره کورد و تورك و عەرەب و بەلوچەکان بڵێن که ئێوه بەرژەوەندی جیاوازتان له باقی کرێکاران هەیه. ئەو ڕەوته بەو سیاسەتانەوه زیان دەگەیەنێته بەرژەوەندی چینایەتی تەواوی چینی کرێکار.

_ ئەو گەرایشەی که دەیهەوێ تەنیا لەسەر چەند مادده له یاسای کار و چەند مادده له یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەت سات و سەودا بکات، حازره وەکوو نوێنەری کرێکاران له لێژنه سێلایەنەکان دا بەشداری بکات، حازره وەکوو نوێنەری کرێکاران له لێژنه سێلایەنەکان دا بەشداری بکات و له کۆنفڕانسه نێونەتەوەییەکان، وەکوو نوێنەری کرێکارانی ئێران بەشداری بکات، بەبێ ئەوەیکه تۆزێك باس له ستەم و قەتڵی عامەکانی ڕژیم بکات، بەبێ ئەوەیکه مەحاکەمەکردنی کرێکارانی سەقز مەحکوم بکات. ئەوه ئەو گەرایشەیه که نەتەنیا داکۆکی له بەرژەوەندییەکانی ئەوڕۆی کرێکاران ناکات، بەڵکوو لەڕێگای خواستەکانی لەمەڕ تەئیدییه وەرگرتن له دەوڵەت بەخاتری ڕێکخراوی کرێکاری و مەشروعییەت دان به دەوڵەت و مەجلسی سەرمایەداری، بەرژەوەندییەکانی داهاتووی کرێکار دەفرۆشێ.

به پێیه ئەو ڕەوت و مەیلانەی که ڕوانگه و ئاسۆی سۆسیالیستی لەبەردەم خۆیان دا دەبینن بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیان و کاری حەقدەست و هاوپشتی چینایەتی کرێکاری ، نەتەنیا بەرژەوەندییەکانی ئەوڕۆی ئەو، بەڵکوو بەرژەوەندییەکانی داهاتوو و درێژماوەی چینی کرێکار له دەگرنەبەر. ئەو مەیل و ڕەوتەی که دژایەتی لەگەڵ هیچ ڕیفۆرم و ئیسلاحاتێکی هەرچەند حیزبی و هەر ئاڵوگۆڕێکی خێرا له ژیانی کرێکار نییه، بەڵکوو لەگەڵ ڕاوەستان لەو ئاستەدا دژایەتی هەیه، ئەو ڕەوت و مەیلەیه که خەباتی کرێکاران له ئاستی داخوازی و خەباتی هەرڕۆژه بەرەو سۆسیالیسم و بەرابەری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ڕێنوێنی دەکات.

پرسیاری سێهەم: هەر لەو پێوەندەدا بیروڕاتان سەبارەت بە چالاکی " کومیتەی بەدواداچونی ئازادی تەشەککولە کرێکارییەکان" _ کە ئەم دواییانە لە ڕێگای ئامادەکردنی تۆمارێك بە ئیمزای چەند هەزار کرێکار خوازیاری ئیجازەدانی وەزارەتی کاری کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بووە _ چییە؟ جۆری ئەو ڕێکخراوەیەی کە ئەو کومیتە و شێوەی کارکەی بۆ پێکهێنانی وەها تەشەککولێك هەیەتی، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مەحمودی قارەمانی:**

پێکهاتنی " کومیتەی بەدواداچوونی پێکهێنانی تەشەککولی ئازادی کرێکاری، بەرهەمی هەل و مەرجێکی دیاریکراو لە خەباتی کرێکارانی ئێرانە کە بەبێ سەرەنج دان بەو هەل و مەرجە، ناکرێ قەزاوەتێکی درووست و روون لەو بارەیەوە بکرێت.

بەر لە هەر شتێك دەبێ باس لە شکستی کارە سەرەتاییەکانی مەیلی دیاریکراو کە خۆی لە ژێر ناوی" لێژنەی دامەزرێنەری سەندیکاکان" ناساندبوو، بکرێت. ئەو مەیلە لە هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەت دەوڵەت و وەزارەتی کار و لە هەوڵی پێکهێنانی تەشەککولێك بوو کە بتوانێ لەو ڕێگایەوە خواستەکانی سەرمایەداری ئێران لەمەڕ کۆنترۆڵی بزووتنەوەی کرێکاری و درووست کردنی لەمپەرێك لەبەردەم مەیلی ڕوولەگەشەی ڕادیکاڵیسمی ناوخۆی ئەو بزووتنەوەیە، دابین بکات. دوابەدوای کاروچالاکییەکانی سۆسیالیستەکان، بزووتنەوەی کرێکاری تووشی ڕووداوی جۆراوجۆر هات، لەوانە قەتڵی عامی کرێکارانی خاتون ئاباد و ڕەوتی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ڕابردووی سەقز، تەواوی ئەو ڕەوتانەی کە باس کرا چوونە پەراوێزەوە. ئەوان بە هێنانەگۆڕی ئەوەکە کرێکارە دەستگیرکراوەکانی سەقز سیاسییانە جوڵاونەتەوە، ئەو پەیامەیان دا کە دژ بە سیاسەتی ڕادیکاڵ و چەپ لە نێو بزووتنەوەی کرێکارین، ئەوان چ بە چالاکییەکان، سوخەنرانییەکان و پشتیوانیکردنی کرێکارانی ئێران و ڕێکخراوە کرێکارییە نێونەتەوەیییەکانیان لە کرێکارە دەستگیرکراوەکان و چ بە هۆی شکستی لایەنەکانی موزاکیرە لەگەڵ ئەو مەیلە یانی دووی خوردادییەکان، بەرەو پەراوێزی بزووتنەوەی کرێکاری پاڵ پێوە نران.

مەسەلەیەکیتر کە لە پێوەند لەگەڵ پێکهێنانی کومیتەی بەدواداچوون کاریگەری هەبووە، هاوئاهەنگ نەبوونی چەپی ڕادیکاڵ و یەکدەست نەبوونی ئەو و هەروەها ئاکامەکانی دەورەیەکی دوورودرێژ لە سەرکوت وخەفەقان بوو کە ببوە هۆی ئەوەکە هەڵسووڕاوانی سەرەکی و ڕاستەقینەی مەیلی ڕادیکاڵ لێك بڵاو بن و نەتوانن لەکاتی خەبات دا لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن.

لەوەها بارودۆخ و هەل و مەرجێك دا، مەیلی ڕاست پاشەکشەیەکی کاتی کرد، بۆ وێنە ئیتر سەندیکای وەکوو تەشەککولی سەرەکی و بەدیل، نەهێنا گۆڕێ و لە تەشەککولی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەت وئۆرگانەکانی سەربەئەو پشتیوانی کرد. ئەو دوو پاشەکشەیە ڕواڵەتی بوو و ئێستاش هەر ڕواڵەتییە، بەڵام هەر لە ڕاگەیاندنی یەکەمی کومیتەی بەدواداچوون، جێپێی هەوڵی مەیلی ڕاست وەبەرچاو دەکەوت، کارێك کە هاوکات " پاژنەی ئاشیل"ی ئەو

کومیتەیەشە. هەر بەم هۆیە ئەو کومیتەیە کۆمەڵێك لە مەیلی ڕاست و چەپی تێدایە. بەڵام هاوکات لەگەڵ هاتنی ئەوەڵی مانگی مەی ئەوساڵ مەسەلەکە ڕوونتر بۆوە. لە ئەوەڵی مانگی مەی ئەوساڵ مەیلی ڕاست ڕێوڕەسمی سەربەخۆی بەڕێوەبرد و هەر بەوە پێوانە و پێوەرە پێشوو و هەمیشەییانەی خۆی، بەیانییە و بڕیارنامەی خۆی دەرکرد.

بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سەربەخۆی مەیلی ڕاست دوو ئامانجی هەبوو:

1_ ئەویکە بە دەوڵەت نیشان بدات کە چەپ نەبووە و هێشتا بۆ ڕژێمی ئیسلامی جێگای هیوا و هومێدە. ئەوە بڕیارنامەی ئەوەڵی مانگی مەی ئەوان دەریدەخات کە چ ڕەوتێکن. هەرچەند کە جەریمەی ئەو بەجێمانە، ئەنجومەنە ئیسلامی‌یەکان و خانەی کارگەری‌یەکان لێیان هەستاند و هێرشیان بردەسەر دەفتەرەکەیان کە ئەو مەسەلەیەش بە درووستی لە لایەن مەیلی ڕادیکاڵەوە مەحکوم کرا.

2_ گەرایشی ڕاست لەسواربوون بەسەر شەپۆلی یەکگرتوویی‌خوازی کرێکاران ناهومێد بووە و نەیتوانی بە تەواوی بیخاتە ژێر رکێفی خۆی . بە بەشداری‌نەکردن لە ڕێوڕەسمی ساڵۆنی فێردۆوسی کە لە لایەن کومیتەی بەدواداچوونەوە ڕێکخرابوو، مەیلی ڕاست پەیامی بەوان دا کە هاوڕێی تاسەری ئەوان نییە و جگەلەوەش لە بڕیارنامەکەیان دا، وێڕای گەڕانەوە بۆ هەڵوێستی سەرەتایی خۆیان، سەندیکایان وەکوو تەشەککولی بێ‌بەدیلی کرێکاران و تەنیا تەشەککولی ئالتڕناتیو لەقەڵەم دا و هەروەها هیچ جۆرە باسێکیشیان لە تەشەککولی سەربەخۆ لە دەوڵەت وحیزبە دەوڵەتی‌یەکان و ئۆڕگانەکانی سەربە دەوڵەت نەکرد. ( هەمان سەرچاوە).

بە سەرەنج دان بە مەسەلەی ئەوەڵی مانگی مەی ئەوساڵ و هەڵوێستی مەیلی ڕاست کە لە بڕیارنامەکەی دا فۆڕمۆلە کراوە، جێگاوشوێنی کومیتەی بەدواداچوون، ئاڵوگۆڕی بەسەرداDێت و بە پێی ڕەواڵ کومیتەی بەدواداچوون بیر لەو مەسەلانە دەکاتەوە کە چلۆنە کە بەشێك لە هەڵسووڕاوانی ئەو کومیتەیە بڕیارنامەیەکی وایان دەرکردووە کە هیچ کوێی لە بڕیارنامەی کومیتەی بۆدواداچوون ناچێت. ئەو شتەی کە لەو نێوەدا بایەخی هەیە، ئەوەیە کە مەیلی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەسەر ئەو دووڕێیانە نەمانەوە کە یان دەبێ هەمووان بەو تەشەککولانە پەیوەست بن یان تەحریمی بکەن، چوونکە سەرەتا بەشداری بەشێك لە مەیلی ڕادیکاڵ لەو تەشەککولە و دواتر پشتیوانی چەند هەزار کرێکار لەوان بۆ مەیلی ڕادیکاڵ لەباری سیاسی‌یەوە گرینگە و ناتوانێ بە ئاسانی لێی تێپەڕ بێت.

بە بڕوای من دەبێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە " تەنیا تەشەککولێکی تاکی سەرتاسەری دەتوانێ وەڵام بە ڕێکخستنی چینی کرێکاری ئێران بداتەوە"، بە وشیاری‌یەکی زیاترەوە هەڵس و کەوت بکەین. ئەگەری ئەو مەسەلەیە کە ڕەنگە دوو یان چەند تەشەککولی سەراسەری پێك بێت، هەیە، هەرچەند کە بۆخۆم بە هیچ لەونێك لایەنگری لە وەها ئەگەرێك ناکەم، بەڵام لەوانەیە لە کردەوەدا وەها دیاردەیەك ببینین کە ئەوەش لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکاریش دا بێ‌پێشینە نییە، لەو حاڵەتەدا دەبێ هیوامان بە یەکگرتوویی‌خوازی و لێکدانەوەی هەڵسوڕاوانی کرێکاری بێت. ئەوانە هەمووی لە گرۆی هەڵس وکەوتی هەڵسووڕاوانی چەپی ئەو کومیتەیە لەگەڵ مەیلی

ڕاست و چالاکی‌یە سەربەخۆکان و بەیانییە و بڕیارنامەی سەربەخۆی بەرەی ڕاستی ئەو کومیتەیە دایە.

پرسیاری چوارەم: ئێوە لە بنەڕەتەوە ئەو ڕیزبەندییانەی هەنوکە لە مەیدانی خەباتی ڕۆژانە بۆ وەڵام دانەوە بە پێویستی‌یەکانی ڕێکخستنی چینی کرێکار لە ئێران، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ناوەڕۆکی سەرەکی ڕەخنە یاخود تەئیدی ئێوە لەسەر سیاسەتەکان و کردەوەکانی مەیلە جۆراوجۆرەکان لەو جەهەتەدا چییە؟ هەروەها خۆتان چ پێشنیارێکی کۆنکرێت و دیاریکراوتان بۆ ڕێکخراوبوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران هەیە؟

مەحمودی قارەمانی:

لە باسی ڕێکخستنی کرێکاران دا وەڵامم بە ناوەڕۆکی سیاسی ئەو ڕیزبەندی‌یە داوە. بەڵام ئەو شتەی کە لە بابەت کار وچالاکی‌یەکان پێویستە باسی لێوە بکەم ئەوەیە کە هیچ تەشەککولێکی کرێکاری، هەر دوو خشتێکی کە کرێکاران لەسەر یەکی دانێن، تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بەو تابلۆ و نێوی ئەو تەشەککولە کرێکاری‌یەوە هەیە، هیچ گرینگ نییە.

ئەوەیکە گۆیا سەندیکا خراپە یان شوڕا باشە، مەسەلە ئەوە نییە. ئەو مەسەلە سەرەکی‌یەی کە دەبێ قامکی لەسەر دانێین ئەوەیەکە ئەو تەشەککولە لە ڕێگای یەکگرتنی بەکۆمەڵ، هێزی ئیرادەی گشتی و بە رەئی کرێکاران پشت ببەستێ و ئەوەکە ئیرادەی گشتی زۆرینەی کرێکارانە کە دیاری بەکات چ نێویێك لەسەر تەشەککلەکەیان دابنرێ، ئینجا سەندیکا بێت یان شووڕا، ناوەڕۆکی ئەو تەشەککولە، ئیرادەی گشتی بەشداری چالاکانەی کرێکاران لە کۆبوونەوە گشتی‌یەکان و سەرەنجام رەئی ئەوان دیاری دەکات. وەها تەشەککولێك تەبعەن تەشەککولێکی سەربەخۆ لە دەوڵەت و حیزبە دەوڵەتی‌یەکان و ئۆرگانەکانی سەربە دەوڵەتە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی هەشتەمی خۆیدا ئەو مەسەلانەی بە وردی شی کردۆتەوە. ئێمە لایەنگری وەها تەشەککولێکین و لەوجۆرە تەشەککولانە پشتیوانی دەکەین. هەر بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنەی سەرەوە ئێمە لە دوورەوە بۆ کرێکارە ڕادیکاڵەکان _ سەبارەت بە ئەوەیکە ئێمە چ جۆرە تەشەککولێك پێشنیار دەکەین _ بەرنامە و سیاسەت داناڕێژین. ئێمە ئەوە بە هەڵسەنگاندن و ڕای گشتی و ئیرادەی خودی کرێکاران دەسپێرین. چوونکوو لەسەر ئەو باوەڕەین کە کێشە لەسەر نێو نییە، بەڵکوو بەسەر ناوەڕۆکە.

ئەو تەشەککولە کرێکاری‌یەی کە ئەوڕۆ کرێکاران باردێنێ و سازمانیان دەدات بۆ ئەوەیکە بتوانن لە سبحەینێی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران بۆ دەست بردن بۆ هێزی سیاسی و ئیرادەی کۆمەڵگا بۆ ئاڵۆزی‌یەکانی ئەوڕۆکەوە جێگاوشوێنێکی باشتریان هەبێ و هەنگاوێك لە سۆسیالیسم نزیکتر بنەوە، ئاواتی دڵی هەموو سۆسیالیستەکانە.

****

22ی ژوئیەی 2005